د. بورهان یاسین سەرۆکی لیستی گۆڕان لە دهۆک:

دەسەڵاتی کوردی دیواری بەرلینی لەنێوان سۆران و بادینانداد روستکردووە

د.بورهان یاسین مامۆستای زانکۆی لۆندی لە سویدو سەرۆکی لیستی گۆڕان لە بادینان، ئومێدەوارە کە هەڵبژاردنی ئەمجارە ئەو دیواری بەرلینە بڕووخێنێت کە لەنێوان سۆران و بادینان دروستکراوە، گۆڕانیش ئەو تەحەدا گەورەیە ببەزێنێت کە لە ناوچەی هەیمەنەی یەکێتی بە قەتیسیی بمێنێتەوەو بازبداتە ناوچەی بادینان. بە بڕوای د. بورهان «گۆڕان سەرکەوتنێکی گەورە لە دەرەوەی وڵات بەدەستدەهێنێت و دەتوانێت موفاجەئەیەکی گەورە بکات، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەوانەی دەرەوەی وڵات بەر لەوەی گۆڕان سەرهەڵبدات ئەوان لە بەرەی گۆڕاندا بوون».

سازدانی: لیندا کەمال

*** هەڵبژاردنی ئەمجارە تاچەند تایبەتمەند دەبێت؟**

– هەڵبژاردنی ئەمجارە تایبەت دەبێت بەهۆی ئەوەی کە هێزێکی نوێ، کە لە (٧/٢٥) سەرکەوتنێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیی، ئێستا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکە دەکات ئەمەش وادەکات کە گۆڕانکارییەک بەسەر سیاسەتی کوردیو گوتاری سیاسیی کوردەوە بێت لە بەغدا، ئەوەش ئەگەر لە بۆچوونێکی کوردییەوە تەماشای بکەین خۆی لە خۆیدا بەشداریییەکی زۆر گرنگە، چونکە بەشداریکردنی گۆڕان تەنیا بەشداریکردنێکی ژمارەیی نابێت، بەڵکو جۆریی دەبێت، لەبەرئەوەی گۆڕان هەمیشە گوتارێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت کە نوێکارییەکی جدیی لە گوتاری کوردیدا دروست بکات لە ڕێگەی ئەو گوتارەشەوە گۆڕان دەتوانێت بەمەرجەوە نزێکبێتەوە لە هێزە کوردستانییەکان یان لەسەر پێی خۆی بووەستێتو گوتاری خۆی پیادە بکات وەک شێوەیەک لە شێوەکانی هاوکاری، کە مەرج نییە هاوپەیمانێتی بێت.

*** گۆڕان دەتوانێت لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا سەرکەوتوو بێت؟**

– ئەو پرسە هەڵسەنگاندنی جیاجیا لەخۆدەگرێت، بەڵام گۆڕان بێگومان لە (٧/٢٥) باشتر دەهێنێت لەبەرئەوەی ئەسەدای گۆڕان تائێستا ئەدایەکی دڵخۆشکەربووە، ئەو ستراتیژی گۆڕان کە ئۆپۆزسیۆنبوونە، هەڵبژاردنێکی جدییو سەرکەوتووبوو کە خۆی دەپارێزێت لە گەندەڵیی دەسەڵات، ئەوەش لە چاوی خەڵکەوە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ تەماشاکراوە، لەم ماوەیەدا لەسەر ئاستی عێراق کۆمەڵێک شت ڕوویداوە، کە شەقامی کوردی لە سیاسەتی پارتیو یەکێتی ئێگەران کردەوە. لەبەرئەوە کۆمەڵێک هۆ هەیە کە واتێبکات ئەو بۆچوونەت لادروستبێت کە گۆڕان لە (٧/٢٥) باشتر دەنگ دەهێنێت.

*** گۆڕان لە ناوچەی بادینان، چۆن دەتوانێت کاریگەریی هەبێت؟**

– بەگشتیی لەم هەڵبژاردنەدا، گۆڕان لەپێش تەحەدایەکی ئێجگار گەورەدایە، بێگومان ئەگەر ئێمە تەحەداکان بژمێرین، یەکێکیان خەباتە لەگەڵ جوگرافیای سیاسیی، کە جوگرافیای سیاسیی لە باشووری کوردستان هەر لە حەفتاکانو سەرهەڵدانی بزاڤی نوێ دوای هەرەسی (١٩٧٥) کە کوردستان کراوەتە دوو بەش، ناوچەی هەیمەنەی پارتیو ناوچەی هەیمەنەی یەکێتی، ئەوا هەندێک ڕەهەندی کلتوورییو زمانەوانیو سایکۆلۆجی وەرگرتووەو بەداخەوە قووڵکراوەتەوە، کە لەو قووڵکردنەوەیەدا گۆڕان بەرامبەر تەحەدایەکی جدیی دەوەستێتەوە، کە ئایا گۆڕان لە ناوچەی هەیمەنەی یەکێتی قەتیس دەبێتو توانای پەرینەوەی نابێت بۆ بادینان، یاخود دەپەڕێتەوە بادینانو لەوێش جێگەی خۆی دەکاتەوە؟ بە بۆچوونی خۆم، کورد دەرفەتێکی گەورەی لەبەردەستە بۆ پشتگیریکردنی گۆڕان کە بپەڕێتەوە بۆ بادینان، چونکە نەپەڕینەوەی گۆڕان بۆ بادینان دەرفەتێکی مێژوویی لەدەست کورد دەدات بۆ یەکخستنی کورد، کە من پێیدەڵێم (مەساحەی نەتەوە)، کە ئەو مەساحەیە لە کوردستان دابەشکراوەو لێرەوە گۆڕان دەتوانێت ببێتە ئامراز بۆ پەراندنەوە، ئەوەش دەمێنێتە سەر ئەوەی کە گۆڕان تا چ ڕادەیەک دەتوانێت ئەو توانا گەورەیە بخاتە گەر، کە لەناو خەڵکی کورددا هەیەو خواستیکە بۆ ڕیکخستنەوەی مەساحەی نەتەوە لەسەر بنەمای نەتەوەبوون، نەک لەسەر بنەمای بەحیزبیبوون.

*** دەتوانین بڵێین لە هەڵبژاردنی ئەمجاردا موفاجەئەیەک لە ناوچەی بادینان دەبینین؟**

– دەبێت ئەوە بزانرێت کە بادینان تایبەتمەندیی خۆی هەیەو وەک هەولێرو سلێمانی نییە، ئەوەش کاری ئێمە قورستر دەکاتو بوارەکەمان سنووردارداەکات، ئەمە جگە لەوەی کە دەسەڵاتی کوردی وایکردووە، دیوارێکی بەرلین لەنێوان سۆرانو بادینان دروستبێت، کە هەرکەسێک خۆی لەو ڕاستییە بدزێتەوە ئەوا بەشداردەبێت لە قووڵبوونەوەی ئەو قەیرانەی لەناو جەستەی کورددا هەیە لە باشووری کوردستان.

کە ئەو دیوارە لە هەڵبژاردنی ٧/٢٥دا ئەگەر نەڵێین ڕووخا، ئەوا بێگومان درزێکی تێبووە، کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لەو درزەوە دەتوانرێت دیوارەکە بڕووخێنرێت، ئەوەندەی منیش ئاگادارم گۆڕان زۆر لە خەمی ئەوەدان کە ئەوە ڕووبدات.

*** ئەو موفاجەئەیە لە زۆری ژمارەی کورسییەکانی گۆڕان دەبێت لە بادینان؟**

– لە ڕاستیدا ناتوانرێت بە شێوەی ژمارە قسە لەسەر موفاجەئەکە یان بوونی گۆڕان لە بادینان بکرێت، بەڵام دەکرێت ئەمە بکرێتە گۆڕانێکی جۆریی لە شێوەی بیرکردنەوەو ئەوەی لە زانستی سیاسیی پێیدەوترێت خەمڵاندنی فەزای نەتەوە.

*** تا چەند کوردەکانی دەرەوە لایەنگری گۆڕانەو دەنگیان بۆ گۆڕانە؟**

– گۆڕان سەرکەوتنێکی گەورە لە دەرەوەی وڵات بەدەستدەهێنێتو دەتوانێت موفاجەئەیەکی گەورە بکات، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەوانەی دەرەوەی وڵات بەر لەوەی گۆڕان سەرهەڵبدات ئەوان لە بەرەی گۆڕاندا بوون.

خواستو هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی جدیی هەیە لەدەرەوەی وڵات بەپێی ئەو کلتوورە دیموکراتیو لیبراڵییەی ئەوان پێی ئاشنان لە دەرەوەی وڵات، هەربۆیە بۆئەوان قبووڵکردنی ئەو گەندەڵییە لە باشووری کوردستان زەحمەتترە.

لەیەرەوە گۆڕان بواری خۆڕێکخستنەوەی زیاتر بووە، هیچ لەمپەرێکی لەبەردەم نەبووە، جگەلەوەی کە خوێندنەوەی هەرە بەربڵاوی کوردەکانی هەندەران ئەوەیە کە کورد لەبەغدا شکستی هێناوە، بۆیە ئەوان بەدوای ئەلتەرناتیڤێکدا دەگەڕێن کە ئەو سەرە چەماوەیەی کورد لە بەغدا قیت بکاتەوە. گوتارێکی دیکە لە بەغدا بتوانێت گوزارشت لەمافەکانی کورد بکات، سیاسەتی کوردی لە ژوورە داخراوەکانەوە بێتە دەرێو ئەوەش گۆڕان توانیی بە فیعلیی لە پەرلەمانی کوردستان بیکات، هەوڵ دەدرێت لە بەغداش ئەو ڕۆڵە ببینێت بەوەی ئەوە ڕەتبکاتەوە کە لە ژوورە تاریکەکاندا سیاسەتو ڕێکەوتن بکات.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوە لە هەر هەڵبژاردنێک، لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بەڵێنی زۆر بە هاوڵاتییان دەدەن، کە تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردنەو دوورە لە جێبەجێکردن، تاچەند پێویستە گۆڕان ئاگاداری ئەو خاڵە بێتو متمانە لەدەستنەدات؟**

– یەکێک لە تەحەداکانی گۆڕان، پاراستنی متمانەیە لە پەیوەندییە نەتەوەییەکانیشدا تەنانەت بۆ زلهێزێکی وەک ئەمریکاش زۆرکات پاراستنی متمانە لە خاوەندارێتی گەورەترینو مۆدێرنترین چەک گرنگترە، چونکە کاتێک تۆ متمانە لەدەستدەدەیت، پیادەکردنی سیاسەتت لەو ناوچەیە قورستر دەبێت.

گۆڕان دەبێت هەموو هەوڵێک بدات بۆ پاراستنی ئەو متمانەیەی لەدوای (٧/٢٥) بەدەستیهێناوەو کار بۆ قووڵکردنەوەی بکات. کاربکات بۆ باش لێکۆڵینەوە لەو بەڵێنانەی بە خەڵکی دەدات، بە جۆرێک کە نەکەوێتە هەڵەوەو خەڵک لە ماوەیەکی دیاریکراودا هێنانەدی بەڵێنەکانی کە پێیاندراوە، ببینن.

گۆڕان سەرکەوتنێکی گەورە لە دەرەوەی وڵات بەدەستدەهێنێت و دەتوانێت موفاجەئەیەکی گەورە بکات